کۆمەڵەی هیوای عێراقی - لقی کوردستان
ڕێکخراوێکی N.G.O و خزمەتی جۆراوجۆرو بەرفراوان

2 ـ 2

ئا/ کەمەند – پ. هەولێر

کاک سوعاد
بەڕێوەبەری نووسینگەی سلێمانی

- بە چەند فەرمانبەرو کارمەند نووسینگەی سلێمانی کۆمەڵە بەڕێوە دەچێت؟

+ نووسینگەکەمان لە سلێمانی سەرجەم کارەکانی بە (23) فەرمانبەرو کارمەند بەڕێوە دەچێت کە بریتیین لە 1-مەڵبەندی ئافرەتانی هیوا 2-مەڵبەندی ڕۆشنبیری هیوا 3- مەڵبەندی پزیشکی هیوا، ئەگەر بە وردی لەو ژمارەیەی سەرەوە بکۆڵینەوە دەبینین کە زۆرکەمە لەچاو کارو چالاکییەکانی کۆمەڵەکەمان لە سلێمانی، بەڵام بە هۆی باری دارایی کۆمەڵەو سیستەمی کارکردنی ئەو کارمەندو فەرمانبەرانە هەریەکەیان چەندین کاری جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن.

- سیستەمی کارتان و شێوازی تەنسیق لەگەڵ دەستەی کارگێڕی چۆنە؟

+ سیستەمی کارکردنمان هەر لقەو یاخود هەر مەڵبەندەی سیستەمی کاری تایبەتی خۆی هەیەو کارەکانی بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی سلێمانی و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی کە لە سلێمانین ئەنجام دەدەن و پاشان دەخرێتە پێش کۆبوونەوەکانی دەستەی کارگێڕی کە هەر مانگێ یان دوو مانگ جارێك دەبەسترێت هەر نووسینگەیەك کاروچالاکی و پێویستیەکانی خۆی بەرز دەکاتەوە بۆ ئەو دەستەیەو بڕیاری لەسەر دەدرێت.

بەڕێز فەزیلە ئیبراهیم ساڵح/ بەڕێوەبەری مەڵبەندی ئافرەتانی هیوا لە سلێمانی

- بارودۆخی ئافرەتان لە شاری سلێمانی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

+وەك لای هەمووان ئاشکرایە ئافرەت بە گشتی و ئافرەتانی کورد بە تایبەتی بێبەش نین لە تەنگ وچەڵەمەو توندوتیژی کە ڕۆژانە دووچاری دەبنەوە لەلایەن مێرد یان باوك یا براوە، کە باری ئافرەتانی گران کردووەو بووە بە کۆسپێك لەبەرەو پێش چوونیدا، تا وەك مرۆڤێکی سەربەست بژی و بتوانێت داوای مافەکانی خۆی بکات و ئەرکەکانی خۆی بەرێك و پێکی جێبەجێ بکات.

ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمە حیسابی پلە دووی بۆ دەکرێت لە ئیش و کارو بڕیارداندا ئەمەش هۆکاری عەقڵییەتی دواکەوتووی کۆمەڵە. هەڵبەتە ئافرەتانی سلێمانیش بەدەرنین لەو هەموو ناهەمواریانە بەڵام بە پلەیەکی کەمتر.

لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەدا ئافرەت توانیویەتی قۆناغێکی هەرە گەورە لە دواکەوتن بڕێت و بەرەو پێشەوە بچێت لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا بە تایبەتی ئافرەتانی سلێمانی کە توانیویانە جێگای خۆیان بچەسپێنن لە کۆمەڵدا. بەوەی لە چوار چێوەی ماڵ دەربچن شان بەشانی پیاو لە فەرمانگەو کارگەکاندا کار بکەن، ئەوەش نیشانەی بەرزی پلەی خوێندن و ڕۆشنبیرییانە. هەروەها کاربکەن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لە پۆستی وەزارەتداو ئازادن لە دەربڕینی بیرو ڕایان. لەمەش زیاتر بەردەوام هەوڵی فێربوون و تازەکردنەوە دەدەن.

لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵ و پێشکەوتنەدا کە لەلایەن ئافرەتانی شارەکەمانەوە بەردەوامە بەداخەوە هێشتا ئافرەت لە ئاستە بەرزەکانی دەسەڵاتدا دەنگی وەرناگیرێ و بڕیاری گرنگ لای پیاوە. بەڵام لە ئاستی شارەکانی تری کوردستاندا ئافرەتانی شارەکەمان بە پلەی یەك دادەنرێت بە بەشداربوونی لە زۆربەی ئاستە باڵا دەستەکانی کۆمەڵگاداو بەردەوامیشە لە تێکۆشان بۆ چەسپاندنی یەکسانی سەرتاسەری بۆ کۆمەڵگا، چونکە بە بڕوای ئێمە سوربوون لەسەر داواکردنی نەبوونی جیاوازی یەکێکە لە کێشەکان. پاشان بوونی سەربەخۆیی ئابووری و وشیارییەکی چڕو پڕ لە هەموو لایەنێکەوە ئافرەتێکی دروست بۆ کۆمەڵگا دەخولقێنێت.

- مەڵبەندی ئافرەتانی هیوا پێك هاتووە لە چەند بەش؟ چالاکییەکانیان چی بووە؟ بەرنامەی کاری ئایندەتان چییە؟

+ مەڵبەندەکەمان (مەڵبەندی ئافرەتانی هیوا) پێك هاتووە لەم بەشانەی خوارەوە.

ا- بەشی نەهێشتنی نەخوێندەواری
ب- بەشی بەرگدروون
ج- بەشی قژ بڕین
د- بەشی کۆمپیوتەر
هـ- بەشی ڕەشاقە
و- بەشی باخچەی ساوایان

مەڵبەندەکەمان جگە لەو خوولانەی کە دەیکاتەوەو ئافرەتان فێری کارو پیشە دەکات، چالاکی جۆراوجۆریشی هەیە وەك سازدانی سمینار لەم بوارانەدا- کۆمەڵایەتی- تەندروستی- پەروەردە کردنی منداڵ.

کردنەوەی چەند خولێکی وشیاری یاسایی بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتەکان- خولی شەترەنج بۆ منداڵان- خولی بڕین پێچی بۆ ئافرەتان بێ بەرامبەر، خولی بەهێز کردن بۆ مامۆستایانی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

لە هەموو بۆنەکاندا چالاکی تایبەت هەیە وەك ڕۆژی جیهانی ئافرەتان- ڕۆژی جیهانی منداڵان- جگە لەمانە محازەراتی وشیاری یاسایی و تەندروستی وکۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی بەشداری خولەکان دەکەن دەوترێتەوە.

مەڵبەندەکەمان ئەندامە لە ئەنجومەنی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان- دامەزراندنی تیپێکی باڵەو باسکە سەر بە مەڵبەندەکەمان.

بەنیازین لە بەرنامەی کاری ئایندەماندا هەوڵ بدەین بۆ زیاد کردنی چالاکییەکانمان بۆ پێش خستنی ئافرەتان و وشیار کردنەوەی زیاتر لە هەموو بوارەکانداو چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان و کردنەوەی بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە دەرەوەی شارو لە باخچەکان- کردنەوەی خولی پیشەیی لە کۆمەڵگەو گوندەکاندا- کردنەوەی خولی جۆراوجۆر. گەورەکردنی باخچەی ساوایان و پەرەپێدانی.

بەڕێز سەمیرە خان بەرپرسی مەڵبەندی هیوا بۆ فێرکردن و ڕاهێنان لە هەولێر

- مەڵبەندی ئافرەتانی هیوا پێك هاتوو لە چەند بەش؟ چالاکییەکانتان چی بووە؟ بەرنامەی کاری ئایندەتان چییە؟

+ مەڵبەندی هیوا بۆ فێرکردن و ڕاهێنان چەندین خزمەتی جۆراوجۆری پێشکەش بە کۆمەڵگا کردووەو دەکات بە تایبەتی ناوەندی ئێمە گرنگی بە ئافرەتان دەدات لە هەموو بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن و هۆشیاری یاسایی و تەندروستی لە نێوەندی چینە ناوەڕاست و هەژارەکانی کۆمەڵ، بەرامبەر بەمەش پێشوازی زۆر هەیە لە ئافرەتانی شاری هەولێر بۆ ئەم جۆرە چالاکییانە، ئەمەش بەڵگەی بەرەوپێش چوون و هۆشیارییە لە نێو ئەم توێژە تارادەیەك، لەلایەکی تر هانی ئێمە دەدات کە بەردەوام بین و زیاتر هەوڵ بدەین.

کۆمەڵەی هیوا- لە ڕێگای مەڵبەندەکەمان چەندین خولی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کردۆتەوە وای لە بەشداربووان کردووە کە بەردەوام بن لە خوێندن و ئێمەش سەرقاڵی کردنەوەی خولی (یافیعات) واتا پێشکەوتووەکانین بۆ زیاتر بەرەوپێش بردنیان و تەواوکردنێکە بۆ کارەکانی ڕابردوومان.

لەلایەکی تر مەڵبەندەکەمان خولی جوانی و بەهێز کردنی جەستەو وزەی هەیەو ئافرەتێکی زۆر ڕوو لەم چالاکییە دەکەن و بەشداری تیادا دەکەن بۆیە لە بەرنامەمان دایە کە بیر لە کردنەوەی بەشێکی تەواو بۆ لەش جوانی ڕێکخستنی لەش و پاککردنەوەی دەم و چاوو لابردنی پەڵەو گەڕانەوەی ڕەونەق و جوانی بکەینەوە.

دیارە بەشی کۆمپیوتەر بەشێکی کاراو چالاکەو چالاکی بەردەوامی هەیەو خولی تازە دەکاتەوە، ئێمەش لە بەرنامەمان دایە کە مەڵبەندێکی کات بەسەر بردن و یاری کۆمپیوتەر واتا (قاوە خانە) و مەڵبەندێکی تایبەت بۆ ئەنتەرنێت بکەینەوە.

لە مەڵبەندەکەمان بەشی دوورمانمان هەیەو خولی بەردەوام دەکەینەوە بە تایبەتی بۆ بنەماڵەی شەهیدان و خێزانە هەژارەکان بە ئامانجی باشترکردنی گوزەرانیان لە ڕێگای ئەم پیشەوە.

دیارە قوتابیانی خۆشەویستیش لە چالاکی مەڵبەندەکەمان بێبەش نەبوون بەکردنەوەی خولی بەهێز کردن بۆ بابەتە بنچینەییەکان پۆلە کۆتاییەکانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی و ساڵانە ژمارەیەکی زۆری قوتابیان سوودمەند دەبن لەم خولانە.

ئێمە لە مەڵبەندەکەمان پەیوەندی و هاوکاری تەواومان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەیە لە ڕێگەی کۆبوونەوەی مانگانەو دەوری و، لەبەرچاوترین چالاکی توانیومانە لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانی دانیشتنێك بکەین و دواتر لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان بۆ باری کەسێتی ئافرەتان، کە تیایدا بە درێژی باسمان لە کێشەکانی ئافرەتان کردو تیشکمان خستە سەر یاسای باری کەسێتی و کێشەکانی ئافرەتان بە گشتی.

جگە لە بەشدارییمان لە کۆبوونەوەی تایبەت لەمەڕ کۆچ و هۆکارەکانی لەگەڵ پەرلەمان و پێشنیارو چارەسەرمان خستە ڕوو. زۆر سوپاس بۆ ڕێگای کوردستان.

بەڕێز د. عوسمان عارەب بلّباس
بەڕێوەبەری نوسینگەی هیوا لە هەولێر لەسەر باری تەندروستی لە شاری هەولێرو کارو چالاکییەکانی گوتی:-

سوپاس بۆ ڕۆژنامەی "ڕێگای کوردستان"

+ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی زانستییانە هەڵسەنگاندنێکی ئاوا بەبێ پێوەرو ژمارەو زانیاری تەواو وەڵامی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی زانستی بدەینەوە. بەڵام دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی و بە بەراورد کردن لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا بڵێین ئاستی تەندروستی لە شاری هەولێر، هەروەك شارەکانی تری کوردستانە. ئێستا لە ساڵانی ڕابردوو باشترە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار، لە سەرووی هەموویانەوە باری ئابووری خەڵك بە گشتی و خواردن و ڕادەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

سەبارەت بەو خەڵکانەی سەردانی (عیادە)کەمان دەکەن، عیادەکەمان بە شێوەیەکی گشتی هەموو جۆرە نەخۆشێك سەردانی دەکەن، بەڵام بەشی زۆری نەخۆشەکانمان، ئافرەت و منداڵانن. ئێمە پزیشکی ئافرەتان و پزیشکی (گشتی)مان هەیە لە عیادەکەماندا، لەگەڵ ئەمەشدا بە پێی تواناو ناوە ناوە هەڵمەتی (خەتەنە)کردن بۆ منداڵان لە عیادەکەمان کراوەو هەندێ جار خولی هۆشیاری تەندروستیش کراوەتەوە.

کارەکانی عیادەکەمان بە گشتی چارەسەرکردنی نەخۆشخانەکانە ئەمەش وەکو ئاماژەمان پێ کرد دکتۆرێکی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و دکتۆرێکی گشتییە کە هەموو جۆرە نەخۆشێك دەبینێت لە عیادەکەمان کار دەکەن.

هەروەها بەشی تاقیگەی پزیشکی و بەشی سۆنارمان هەیە کە پزیشکی تایبەت بە سۆنار کاری تیادا دەکات. بەشی دەرمانخانەمان هەیە کە دەرمان بۆ نەخۆشخانەکان دابین دەکات. واتە ئێمە لە عیادەکەمان (تشخیص)ی نەخۆشی و چارەسەریشیان دەکەین بە شێوەیەکی گشتی بەڵام عیادەکەمان (تایبەت) نییە بە جۆرێك لە نەخۆشی، لەبەر ئەوە ئەگەر نەخۆشێك لەلای ئێمە چارەسەر نەکرێت ئێمە ڕەوانەی بەشی ڕاوێژکاری (استشاریە)ی دەکەین کە شوێنی تایبەتە بۆ هەندێ نەخۆشی، ئەم بەشە ڕاوێژکاریانەش لە هەریەك لە نەخۆشخانەکانی هەولێرو ڕزگاری لە شاری هەولێر هەن.





دکتۆر عوسمان — فەزیلە ئیبراهیم — سوعاد حسێن

کاک هیوا تۆفیق لە عیادە پزیشکی لە پیرەمەگرون لە چالاکیەکانیان دواو گوتی:

+ عیادەی پزیشکی کۆمەڵەی هیوای پیرەمەگرون دەکەوێتە کۆمەڵگای پیرەمەگرون (30) کیلۆمەتر لە شاری سلێمانییەوە دوورە. ڕۆژانە لە سەعات 2.30ی پاش نیوەڕۆ دەوامی ئاسایی خۆی دەست پێدەکات و تاکو 6.30 ئێوارە بەردەوام دەبێ بەڵام بە پێی کاتی هاوینە کەمێك گۆڕانکاری تیایدا ڕوو دەدات.

لە عیادەکەماندا پزیشکی گشتی و پزیشکی تایبەت بە ژنان ڕۆژانە ئامادەن بۆ پشکنینی نەخۆش. ڕۆژانە ڕێژەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتیانی ناوچەکە سەردانی عیادەکەمان دەکەن.

عیادەکەمان پێك هاتووە لەم بەشانەی خوارەوە:

بەشی تاقیگە- بەشی دەرمانخانە- بەشی تیمارگە.

هەروەها لە عیادەکەمان هێڵکاری دڵ واتە (E.C.G) دەکرێت.

لەبەشی تاقیگەدا ئەم جۆرە شیکاریانە دەکرێن: ڕێژەی خوێن، گرانەتا، حمی ماڵتا، میز، پیسایی، شەکرە، گرووپی خوێن، سك پڕی، ڕۆماتیزم، خڕۆکە سپییەکان.

لە بەشی تیمارگەدا: کاری برین پێچی و دوورینەوەی برین و دەرزی لێدان و تەداوی و هەڵواسینی موغەزی دەکرێت.

لە بەشی دەرمانخانەدا: دەرمانەکان بە نرخێکی گونجاو ڕەمزی بە هاووڵاتیان دەفرۆشرێت.

هەروەها ئامێرەکانی کورتاج، کۆتری، لەولەب دانان، لابردنی لەولەب دەکرێت لە لایەن پزیشکی ژنانەوە.

بە هیواین لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانین ئامێری سۆنار دابین بکەین کە ئەمەش هەنگاوێکی نوێیە لە ناوچەکەدا.

سۆزان محەمەد عارف بەرپرسی پرۆژەی کۆنترۆڵکردنی وشکە ساڵی لە وەڵامی پرسیارەکانمان وتی:

+دروست بوونی بیرۆکەی پرۆژەکەتان چۆن بوو بە هاوکاری کام ڕێکخراو ئەنجامی دەدەن و چی پێشکەش دەکەن؟

- سەرەتا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی پرۆژەکەمان (پرۆژەی کۆنترۆڵکردنی وشکە ساڵی) لە پێناو خستنە ڕووی چالاکییەکانی کۆمەڵەکەمان کۆمەڵەی هیوا.

بە نیسبەت پرسیارەکەتان سەرەتا دەست دەکەین بە باسکردنی چۆنیەتی دروست بوونی بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە کە خۆی بۆ ئەو بێوەژنانەیە کە بە هۆی بارودۆخی ئێستاو گرانی ژیان بە دەستی هەژارییەوە دەناڵێنن.

لە سەرەتادا بەرنامەی خۆراکی جیهانی بەشێکی بچووکی ئەم پرۆژەی دایە مەڵبەندی فێرکردن و ڕاهێنانی هیوا، دوای چاودێری و سەرپەرشتی لە لایەن (WFP) و ڕەزامەندی تەواو لەسەر شێوازو بەڕێوەبردنی کارەکان خرایە ڕوو. ئینجا بە شێوەیەکی فراوان پرۆژەکە درایە ڕێکخراوەکەمان و تەواوی سنووری پارێزگای هەولێر دەگرێتەوەو لە هەمان کاتدا ئەم پرۆژەیە لە تەواوی پارێزگاکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت.

ئامانج لە پرۆژەکە هاوکاری و یارمەتی کۆمەڵێك (بێوەژن)ە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانیان و فێرکردنی خوێندەواری لە ڕێگای کردنەوەی خولی خوێندەواری، هەروەها ئامۆژگاری تەندروستی و چۆنیەتی زاڵ بوون بەسەر سەختی ژیان و پاشکەوت کردن بۆ داهاتوو کە لە ئاییندە بە ئیجابی دەشکێتەوە بۆیان.

دەربارەی کاری پرۆژەکە لەسەر متمانەی نێوان ڕێکخراوی (WFP) و کۆمەڵەی هیوا هاتۆتە کار پێکردن کە تیایدا کۆمەڵە کارەکان بە هەموو لایەنەکانی جێ بەجێ دەکات و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆیان دەکات. ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی لایەنی دابین کردنی میزانییەی پرۆژەکەیە.

هەندێ زانیاری لەسەر پرۆژەکە دەخەمە ڕوو:

1.ژمارەی ئەو خێزانانەی کە پرۆژەکە دەیانگرێتەوە (5951) خێزانە کە لە ڕووپێوەکەدا هاتووە، بەڵام پرۆژەکە دابەش دەبێتە سەر دوو قۆناغ لە قۆناغی یەکەم ئەو بێوەژنانە سوود وەردەگرن کە منداڵی یەتیمان هەیەو ئەوانی تر لە قۆناغی دووەم سوود وەردەگرن.

2.ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لە قۆناغی یەکەم سوود وەردەگرن (3030) خێزانە.

لە کۆتایی دا زۆر سوپاسی تەواوی کارمەندانی ڕێکخراوی ناوبراو دەکەم بۆ هاوکاری و یارمەتی دانی ئێمە لە جێ بەجێ کردنی کارەکان بە شێوەیەکی دروست. هەروەها سوپاسی ئێوەش دەکەم.